تکەتکی نەرمی دڵۆپەبارانی
سەرپەنجەرەی خۆشدەوێ،
وەک ئەوەی کە بانگی ئەو بکەن.
زۆرجاران لەبەر رێژنەدا دەوەستێ و
بەدەم پێکەنینییەوە دەزریکێنێ
هەردوو باسکی درێژدەکات و
دەستەکانی وەک جام لێدەکا
تا پڕیان لە باران بکا

فرمێسکەکانی
وەکو دڵۆپە مرواریی بێ رەنگ
بەسەر کوڵمیدا دێنە خوارەوە.
گریانی
تاریکییەکی بە نوزەنوزە.

بە دڵخۆشییەکی مندالانە
رادەکاتە ناو دارستانە نابیناکە
هەمیشە هەمان درەخت هەلدەبژێری
بە نەرمونیانی
لە باوەشی دەنێ.

لە ناو گوڵزاران دێتە سەر ئەژنۆ و
گوڵ دەچنێ
چێژ لە بۆنی خۆشیان دەچێژێ_
لێ لەناکاو تورە دەبێ
بە پێ بەسەر گولان دەکەوێ
ژان
رووخساری گرژدەکات.

بەم شەوە
لەسەرخۆ دەستی
بەسەر جەستەی رووتیدا دەهێنێ
لە نهێنییەکانی دەگەرێ
ئازار و چێژی بدەنێ.

لەئاکامدا خەو بەندی دەکا و
وەک چاوساغان پێڵووەکانی لێکدەنێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**هیچ** وڵاتێک
وڵاتی من نییە.
هیچ باوکێک
باوکی من نەبوو.
هیچ زمانێک
زمانی من نییە.
هیچ دایکێک
دایکی من نەبوو.
ئەوکەسەی من خۆشمدەوێ
منی خۆشناوێ،
ئەوکەسەش
کە منی خۆشدەوێ
من خۆشم ناوێ.
لە نەداریی منداڵی
خەونم بە کۆشکێک و دە ئەسپی رەشی
سوار جل زێڕینەوە بینی:
هەموو بەیانیان
سوارەکان لەبەر پەنجەرەم دەوەستان و
دەستیان بۆم هەڵدەبڕی
من پەنجەرەم دەکردەوە و
دە کلیلم فڕێ دەدا
لێ، هیچێکیان بۆ دڵی ئەوان نەدەبوون و
منیش
بەسەر نەدارییەکەدا دەکەوتمەوە.

ئەوکەسەی منی خۆشدەوێ
من خۆشم ناوێ،
ئەوکەسەی منیش خۆشم دەوێ
منی خۆشناوێ.

**بە** تیرت لە ناوم بمێنەوە
تا بە لەداردانم بتوانم
لە منداڵدانمەوە خۆری بچوک بزێنم.
بە سەری پەنجەکانت یاری بە مەمکەکانم بکە
تا بە پێکەنیینەوە بۆ بۆشاییەکان هەڵبکشێن.
وەک کەوانێک جەستەم بگرە، لێ رووی لە جەستەی خۆت بکە
تا، سەرکڵی چێژ دەمانوەشێنێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

